www.kurdistannet.org
14-12-2006 8:19 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

راپۆرتە پڕلەشەرمەزاریەکەی (بیکەر –هامیلتۆن) ... !!! بەختیار سەعید

چەند ڕۆژێکە بە بەردەوامی تەوای ناوەندەکانی میدیای جیهانی وعەرەبی وکوردستانی هەریەکە بە ئاوازی سیاسی خۆی شیکاری ولێکدانەوەی هەمەجۆربۆ ڕاپۆرتەکە (بیکەر-هامیلتۆن) دەکەن! ئەوەی جێگای ئامازە پێدانە ڕاپورت نووسەکان (بیکەر- هامیلتۆن) زۆر بەڕاشکاوانە وبی ئەوەی هیچ خوێندنەوەیەك بۆ مێژووی خەباتی خەڵکی کوردستان بکەن، کە چەندە بە دەست ڕژێمە یەك لە دوایە کەکانەوە تووشی سەدان و دەیان جوَر شێوازی

لەناوبردن وکوشتن وقڕکردن وچەوساندنەوە هاتووە!!بەڵکو زۆر نا لۆژیکانەو دوور لە هاوسۆزی و هاوپەیمانێتی ڕۆڵی میللەتەکەمان لە هێلی سڕینەوە نزیك دەخەنەوە! بە ئەندازەیەك ئەوەی بەعسیەکانی نێو زبڵدانی مێژوو پێانەکرا وشیعەکان وسونەکانی نێو ناوچەی سەوز ی (بەغداد) بۆ یان نەهاتەدی زۆر نا جوامێرانە ودوژمنکارانە بیکەر –هامیلتۆن لەڕاپۆرتێکی مخابەراتیانەدا بۆ دەرباز کردن وڕزگاربوونی ماریٚنزەکانی ئەمەریکا کە لەئەنجامی هەڵەکانی چەند ساڵی ڕابردووە بە هۆی بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی درۆزنانەی کاربەدەستانی سەربازی وئیدارەی دیپلۆماتانی خۆیانەوە تووشی هاتوون. ئەمڕۆ لە جیاتی نوێکردنەوەی بەڵێنی هاوپەیمانێتی و سڕینەوەی ئەو پەڵەڕەشەی کە بەناوچەوانی (هینری کیسەنجەری) گەورە دیپلۆماتی ئەمریکییەوە سپی بکەنەوە!! بەواتایەکی دیکە ئەمڕۆ قەرزی کۆن بدەنەوە، ئەوەی لە ساڵی (1975) و پیلانەوەیشومەکەی جەزائیرناسراوە، دەرهەق بە خەڵکی کوردستان کردیان!!! ئەمڕۆ دەبوو تاجی سەربەخۆی لە سەر کوردان بنێن، کەچی زۆر شەرمەزارانانە تەوای مافە سەرەتایی وستراتیژەکانی کوردستانیان پێشێل دەکەن!! وئەوەشی لە پانزدە ساڵی ڕابردووش بەدەستمان هێناوە دەیانەوێت بە دوو ڕاپۆرت نووسی درۆزن وناپاك!! نەك هەر لێمان زەوت بکەن، بەڵکو گەرەکیانە گورگان خۆریشمان بکەن بە دەستی بەعسیەکانی دوێنێ وئیرهابیەکان وشیعەکانی ئەمڕۆ!! تەماشاکەن لە نێو ڕاپۆرتەکەدا ئەوەی هێڵی سوورە بەلای کوردانەوە ئەوان بێ هیچ دوودڵێك وسڵمینەوە دەست لە چارەنووسی و کاروباری میللەتێکی خاوەن دەریایەك لە خوێن وقوربانیەوە دەدەن و ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە بە جۆرێك ئەو ڕاپۆرتەیان داڕشتووە ماف و دەستکەوتەکانی ئێمەی کوردان لە خاڵی سفرەوە نزیك دەکاتەوە ولە هەمووی گرنگتر هەر مادەیەکی دەستوری عێراقی فیدرالٚ بۆ خەڵکی کوردستان جێگای بایەخ بووبێت هەر لە کێشەی مادەی (140) تایبەت بە کەرکوك ومادەی سەروەت وسامان وپڕۆتۆکۆڵی نەوتی وناوچەسنووریەکان و لەگەڵ ئەوەشدا بەڕوونی بانگێشتی هێزەکانی وڵاتانی هەرێمایەتی بۆ ناو عێراق بەگشتی وکوردستان بەتاینەتی دەکەن!!، ئالێرەوە وکاتی ئەوەش هاتووە زۆرکێشەی ناوخۆی وبەتایبەتی قسەکردن لە سەر گەندەڵیەکان ئیفلیجی بەڕێوەچونی کاروباری دام ودەزگاکان بۆ کاتێکی دیکەی دوابخەین وکار بۆ دروست کردنی ڕای گشتی بکەین!!چونکە پێم وایە ئەم بێدەنگیە تەنیا زیانی بۆ حیزب ولایەنەسیاسیەکان نابێت کەهۆکاری سەرەکی ئەم بێدەنگیەن!! بەهەرحاڵ دەنگی سەرکردەکان بەس نیە بۆ پوچەڵکردنەوەی خاڵەکانی نێو ڕاپۆرتەکەی بیکەر –هامیلتۆن!!بەڵکوکۆدەنگی خەڵکی کوردستان دەتوانێت زۆر شت ساغ بکاتەوە لە ئێستاو داهاتوودا!